تۆمەتباری کوشتنی گەنجێکی شاری سلێمانی دەستگیرکرا

بە تۆمەتی کوشتنی گەنجێک و لەلایەن نوسینگەی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی کوشتن لە پۆلیسی سلێمانی تۆمەتبارێک دەستگیرکرا.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاندووە، شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی کانی با لەشاری سلێمانی لە ڕووداوێکدا گەنجێک بە چەقۆ کوژرا و تۆمەتبار هەڵهات، دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەو دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەستیپێکرد، سەرەنجام توانرا لەلایەن نوسینگەی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی کوشتن – بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە لەماوەی کەمتر لە شەش سەعات تۆمەتبار بدۆزرێتەوەو دەستگیربکرێت.

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاندووە، لەئێستادا تۆمەتبار (ل، ت، ح) بە بڕیاری دادوەرو بەپێی ماددەی 406ـی لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوەو دانی ناوە بە تاوانەکەیدا.

زیاتر: شەوی دوێنێ هەینی 31ـی کانوونی دووەمی 2025، لە گەڕەکی کانی با-ی شاری سلێمانی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە شەڕ و ناکوکی لەنێوان دوو دراوسێی دروووست دەبێت و لەئەنجامدا مێرد منداڵێکی تەمەن 16 ساڵان دەکوژرێت.

دواجار ئەمڕۆ هەینی دوای چەند کاتژمێرێک لە ڕووداوەکە، پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی تاوانباری ڕاگەیاند.